

# تەکنەلۆژیای نوێ و گۆرەوییەکانمان!



ڕەنگە هەر من وا نەبم و زۆر کەســی دیکەش بەم شێوەیە بن، کاتێك بەیانیان لە خەو هەڵدەســتن نازانن گۆرەوییەکانتان لە کوێ داناوە، هەموو کون و کەلەبەرێك دەگەڕێن گۆرەوی لە هیچ شــوێنێك دیار نییە. ڕەنگە بەرهەمهێنەرانی ئەم تەکنەلۆژییە نوێیە زۆرجاران بە دەســت گۆرەوی بزرکردنەوە بێزار ببن، بۆیە داهێنانێکی تایبەتیان بۆ بزرنەکردنی گۆرەوی داناوە.

هەســتەوەرێکی بچووك بەناوی Plus+socks کــە لە دوگمەیەکی بچووك دەچێت و لە بەشــی ســەرەوەی گۆرەوییەکــەوە دوراوە و لەوێدا کۆدێکی ناسین (ID) داندراوە. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتی ئامێرێکی بچووك کە بەهۆی بلوتوســەوە لەسەر مۆبایلە هۆشمەندەکان دادەندرێت دەبیندرێتەوە و تەنانەت ئەگەر تەنیا تاکە گۆرەوییەکیش بزر بێت بەهۆی ئامێرەکەوە دەزاندرێت کام تاکە گۆرەوییە، هی چەپە یا هی راســت. بەهۆی هەستەوەرەکە و لەســەر پرۆگرامی سەر مۆبایلەکە دەزاندرێت کە گۆرەوییەکە چ کاتێك شۆراوەو و چەند جار شۆراوە و تەنانەت مێژوویی کۆتایی هاتنەکەشی دیاری دەکات.

# تەلەڤزیۆنەکانتان لە داهاتوودا چەند ئەرک ئەنجام دەدەن؟

لەسەرەتای داهێنانی مۆبایلەوە تەنیا ئەرکی پێوەندکردنی ئەنجام دەدات، بەڵام دواتر کامێرا و مۆڵتی میدیا و ئامێری گەیم و چەندین ئەرکی دیکە بۆ مۆبایل زیاد کران، لــە تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا نە تەنیا مۆبایل بگرە ئامێرەکانی دیکەش چەندین ئەرك ئەنجام دەدەن، تەلەڤزیۆن کە هەتا ئێستا ئەوەندەی ئێمەمانان بزانین تەنیا ئەرکی نیشــاندانە و گواســتنەوەی دەنگ و ڕەنگە، بەڵام لەم دواییەدا دەبینین تەلەڤزیۆنە هۆشــمەندەکان دەتوانن ئەرکی دیکەش ئەنجام بدەن. بەهۆی دێنگلی جۆری smart stick کە هی کۆمپانیای FAVIیە، دەتوانیت تەلەڤزیۆنەکەت بکەی بە کۆمپیوتەرێکی پێشــکەوتوو، مەبەســتم ئەو تەلەڤزیۆنە LED و LCDیانەیە، نەك تەلەڤزیۆنی پێشوو. ئامێــری دینگلەکــە وەك فــلاش میمۆرییەکە لــە تەلەڤزیۆنەکە دەخرێت، سیستەمی ئەندرۆید لەسەر تەلەڤزیۆن دادەنێت و بەهۆیەوە تەلەڤزیۆنەکە دەبێتە کۆمپیوتەرێکی پێشــکەوتوو و دەتوانی، بچیە ناو جیهانی ئەنتەرنێــت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیســبووك و یاهوو و یوتیوب و تویتەر و هتد.... تەنانەت دەتوانی ڤیدیۆیەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەی خۆشت لەسەر تەلەڤزیۆن سەیر بکەی. لەگەڵ ئامێرەکەدا کیبۆرد و ماوسێکی تایبەتیش هەیە.





# ئەو باتریانەی م

لەنێــو جەرگــەی قســەکردندای، لەناکاو مۆبایلەکــەت بەهــۆی نەمانــی باتریيــەوە دەکوژێتەوە، یان لــە ڕێگایەکی دووری و هیچ دەستت بە شوێنێك ڕاناگات کە مۆبایلەکەت شەحن بکەیەوە، یان لە ســەفەردای و شەحنکەرەوەی تایبەت بە مۆبایلەکەتت لەگەڵ خۆت نەبردووە. ئەوانە هەمــوو گرفتن، بەڵام هیچ گرفتێکیش بێ چارەسەر نییە.

کۆمپانیای ســۆنی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانــە جۆرە باترییەکی بەرهــەم هێناوە کە لــە دەرەوەی مۆبایل یا ئامێرەکانی دیکەیە، واتە تایبەت نییە بە ئامێرێکی دیاریکراو، بەڵکو بەهۆی کێبڵەوە لە ئامێرەکە پەیوەند دەدرێت، هەروەك لە وێنەکەدا دەیبینن. ئەم



# تەکنەلۆژیای شەحنکەرەوە بێ وایەرەکان گشتگیر دەبن

کاتێك باســی تەکنەلۆژیای نوێ دەکرێت یان ئامێرێکی دیجیتالی نوێ بەرهەم دێت، یەکێك لە لایەنەکانی ئامێرەکە کە ســەرنجت بۆلای خۆی رابکێشێت، بەشی شەحنکردنەوەی باترییەکەیەتی. کێشەی شەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالییەکان رەنگە لە ماوەیەکی کەمدا بەرەو چارەسەر بچێت و هەموو ئامێرێك بەبێ وایەر شــەحن ببنەوە. هەروەك لەو وێنەیەی کە لێرەدا دەبینن. سامســۆنگ لەم دواییانەدا شەحنکەرەوەیەکی تایبەت بە ئامێرە گلاکســییەکانی بەرهەم هێناوە کە بێ وایەرە، لەم دواییەشــدا نۆکیا ئەو بەڵێنەی بە لایەنگرانی خۆی داوە کە شــەحنکەرەوەی بێ وایەر بەرهەم بێنێت. کۆمپانیای ئەپڵیش لە دوو کۆمپانیای ناوبراو دوا نەکەوتووە خەریکە شەحنکەرەوەیەکی بێ وایەر بەرهەم بێنێت. کێشەیەك لە شــەحنکەرەوەکانی بێ وایەردا هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەو ئامێرەی شەحن دەبێتەوە لە تەنیشت شەحنکەرەوەکە بێت.

## جویستیکێکی تایبەت بە ئامێری ئایپاد

«جویســـتیك» (Joystick) بە ئامێری تایبەت بە گەمــە کردنی ئەلکترۆنی دەگوترێت، لەلای ئێمە بە دەســـکی گەمەکردن ناســراوە. تەبلێتی ئایپاد جگە لە ئەنجامدانی چەندان ئەرك، گەمەی ئەلکترۆنیشـــی پێدەکرێت. بەڵام کێشــەیەکی لە ئایپاد دا هەیە کە نە هیچ دوگمەیەکی هەیە گەمەی پێبکرێت و نە ماوســێکی تایبەت بە گەمەکردنی لەگەڵە، بەم دواییە کۆمپانیای لاجتیك جۆرە دەسکێکی گەمەی بۆ ئایپاد بەرهەم هێناوە کەبەبێ گرفت هەموو گەمەیەکی پێ ئەنجام دەدرێت. زۆر بە ئاســـانی بە شاشەی ئایپادەکەوە دەنووسێت و بە پەنجەی گەورە فەرمانەکانی لای راست و چەپ و خوار و سەرێ جێبەجێ دەکات.

## ئامێری تۆمارکردنی دەنگ لە میدالیادا



ئەگەر لەمەولا یەکێك هاتە لات و ســـویجی ســـەیارەی پێ بـــوو، مەدالیایـــەك وەك هەموو مەدالیایەکی ئاســـایی لەســـەر سویجەکە خۆی نواند، بە وردبینییەوە ســـەیری بکە، بزانە تەنیا میدالیایەکی ئاساییە! چونکە ئەو میدالیایەی کـــە وێنەکەی لێرەدا دەبینن دەتوانێت بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات دەنگ تۆمار بکات.

میدالیا یا دەنگ تۆمارکەری جۆری Edic-mini ســـایزەکەی لە ئینجێـــك بچووکترە، واتە ناگاتە 3 سم. بەڵام بەهۆی ئەو میکرۆفۆنانەی کە تێیدایە دەتوانێت دەنگ لە دوورایی 9 مەتـــرەوە تۆمـــار بـــکات. لەوەش گرنگتر هەتا 24 کاتژمێر بێ وەســـتان دەنگ لەخۆیـــدا تۆمار دەکات. ئامێرەکە بەگشتی دەتوانێت هەتا 70 کاتژمێر دەنگ لەخۆیدا تۆمار بکات.

## ـــــانگێک شەحنیان دانابەزێت



باتریيانە مانگێك شەحنەکانیان دانابەزێـــت. گرفتێك لەو باترییانەدا ئەوەیە کە کێشـــی باترییەکە بەقەد مۆبایلەکە دەبێت واتە 200 گـــرام. خـــودی باترییەکـــە بەهۆی کێبڵی USBیەوە شەحن دەبێتـــەوە. گـــەر پێتوایە ئەم باتریيـــە کێشـــەکەی زۆرە و ئاســـان هەڵناگیرێت، ســـۆنی جۆرە باترییەکی دیکەی بەناوی Stick-type بەرهەم هێناوە کە بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت.

# یاری ئەلکترۆنی سوارەی ئەسپ

لە زۆربەی یارییە ئەلکترۆنییەکاندا کە ئۆگرانی ئەو بەشــە حەزی لێدەکەن، زیاتر یاری ئۆتۆمبیل لێخوڕینە، بەڵام ئایا تا ئێستا قەت خۆت تاقیکردۆتەوە کە سواری پشتی ئەسپێك بی و بەناو دارســتان و دەشــت و چیاو دۆڵدا ئەســپەکەت تاو بدەیت؟ ئەگەر لە جیهانی واقیعیشدا تاقیت نەکردۆتەوە دەکرێت لە یاریی Planet Horse تاقی بکەیتەوە. لەم یارییەدا بەپێی ویســتی خۆت جۆری ئەســپەکەت هەڵدەبژێریت و هەروەها ســوارەکەش بە ویستی خۆت دەبێت، ژن بێت یان پیاو و هەروەها چ جۆرە جل و بەرگێکی لەبەردابێت. ئەســپەکەت چ رەنگ بێت. دەکرێت لەگەڵ چەند ســوارەی دیکەش کێبڕکێی ئەســپ سواری بکەیت. تەنانەت جگە لە ئەسپ دەکرێت سواری کەرە کێوی و ئەسپی شاخداریش بیت. یارییەکە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت، هەر قۆناغێك تێیدا سەرکەوتیت، خەڵاتێك کە بریتییە لە پارەیەکی مەجازی وەردەگریت و بەهۆیەوە زین و لغاو و شــتی دیکە بۆ ئەســپەکەت دەکڕیت. دەبێ ئەسپەکەت بە شێو و دۆڵ و بیابان و دارستاندا تێپەڕ بکەیت.




# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ چاپخانە و بڵاوکراوەکان

پرۆگرامی بەهێزی Pripriner ئامرازێکی گونجــاوە و باشــە بۆ چاپکردنی گشــت جۆرە وێنەیەك، کتێب، پۆســتەر، گۆڤار و رۆژنامە، بەهەموو حاڵەتەکانی چاپ کردن بۆ نموونە چاپی دوولایی، گەورە و بچووك کــردن. پرۆگرامی ناوبراو وەك پرینتەرێکی مەجازی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە نمای تەواوی ئەو شتەی کە چاپی دەکەی نیشان دەدات و دەتوانی ئەوەی پێویســتە سەبارەت بە کاری چاپی بەهۆی ئــەو پرۆگرامەوە بەبێ هەڵە ئەنجامی بــدەی. بەهۆی ئەو پرۆگرامــەوە دەتوانی چەندیــن لاپەڕە لە یەك لاپــەڕە دابنێی، یــان تەنانەت بەر لە کرداری چاپکردن، لاپەڕە سپییەکان لە نێوان لاپەڕەکان بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو لابەری و هەڵەو کەموکوڕی نووســینیش چارەسەر بکەی. گۆڕانــکاری لە دانانی لاپەڕەکان، گۆڕینی مەودای نێوان لاپەڕەکان بەشێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئەو پرۆگرامەن، بەهۆی پرۆگرامەکەوە تەنیا بە یەك کلیك دەیکەی بە PDF.





# سایتێک بۆ هەموو مەبەستێک خزمەتگوزاری هەیە



هەرچەندە ســایتەکانی وەك گــوگڵ و یاهوو فەیســبووك بۆ گەیاندنی مەبەســتێك لە ریزی سایتە ســەرکەوتووەکاندان ، بەڵام کەم کەس هەیە ناوی ســایتی www.zamzar.com بیستبێت، ســایتێك کە خزمەتگوزارییەکانــی گەلێکن و بۆ هەموو ئەوانەی کە شــارەزای بواری کۆمپیوتەر و گۆڕینــی فۆرماتی فایلی دەنگ و رەنگی و فایلی دوکیومێنتین سوودی زۆرە.

لەم ســایتەدا چەندین خزمەتگوزاریی گرنگ هەیــە، وەك گۆڕینــی گشــت فۆرماتەکانــی دەنگ و رەنــگ و دوکیومێنتــی و هی دیکە. بۆ روونکردنەوەی زیاتــر نموونەیەك باس دەکەین، بــۆ نموونە ئێــوە فایلێکتان هەیە کــە wordە و دەتەوێت بیکەیت بە فایلی PDF، بەڵام لەســەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامێك نییە کە ئامانجەکەت بۆ جێبەجێ بکات، لەو ســایتەدا بە ئاسانی بەبێ هیچ پرۆگرامێك فایلەکەت بۆ دەکرێتە PDF.

خزمەتگوزارییەکی دیکەی سایتەکە ئەوەیە کە هەر فایلێکی بتەوێت لە هەر سایتێك دایبەزێنیت، ئەوەندە بەســە کە ئەدەرســی فایلەکــە بدەیت بە ســایتی ناوبراو، بەئاســانی بــۆت دادەبەزێنێت. خزمەتگوزارییەکی دیکــە ئەوەیە کە نیازت هەیە فایلێــك بۆ یەکێــك بنێریت، بەڵام حــەز ناکەی بــە ئیمێلی خۆت بێت، لەو ســایتەدا بەبێ ناوی تۆ فایلەکــە دەڕوات. ئەوانە بەشــێك بــوون لە خزمەتگوزارییەکانی سایتەکە. ئێوە خۆتان سەر لە سایتەکە بدەن و خزمەتگوزاریی دیکەشی تێدایە.

# BMW لە ئۆتۆمبێلەوە بۆ ماوس



کۆمپانیای BMW وەك گەورە کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل سازی ناسراوە، بەڵام ماوەیەکە هەوڵ دەدا خۆی لە تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێشدا تاقیبکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە نوێترین ماوسی تایبەت بە گەمەکردنی بەرهەم هێناوە، ماوسی تایبەت بەگەمەی M10 لە ریزی ماوسە سەرکەوتووەکانی تایبەت بە گەمەکردن دێت، ئەم ماوسە بە بەراورد بە ماوسی M9 گۆڕانکارییەکی تەواوی بەسەر ستایل و کارکردەکەی داهاتووە. لەم ماوسەدا 11 دوگمەی سەرەکی هەن، کە دەکرێت بەپێی ویستی بەکارهێنەرەکەی پرۆگرامی بۆ دابندرێت، هەر کام لەو دوگمانەش دەکرێت 5 فەرمانی پێ بسپێردرێت، ئەویش لە ڕێگای پرۆگرامێکەوە ئەنجام دەدرێت کە لەگەڵ ماوسەکە دا هەیە. بەشی سەرەوەی ماوسەکە لە کانزای ئەلۆمینیۆم دروستکراوە و دەکرێت بەپێی دەست و پەنجەی بەکارهێنەرەکەی قەبارەکەی بگۆڕدرێت.

بۆ چارەسەری کێشەی ئارەق کردنی پەنجەکان لە سیستەمێکی فێنك کەرەوە سوود وەردەگیرێت، سوود وەرگرتن لەو ماوسە لە یاریدا چێژێکی زۆر بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێت و پەنجەکانی ماندوو ناکات.



## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی بەشی ئایتی گۆڤارەکەمان پرسیارێکی ئاراستەی کردووین و دەپرسێت، چون دەکرێت پەسۆرد واتە کۆدی نهێنی سەر فلاش میمۆری یا کارت میمۆری مۆبایل یا هەر ئامرازێکی دیکەی دیجیتالی لابەرین، ئەگەر پاسۆردەکەمان لەبیر نەمابێ.

خوێنەری بەڕێز بەر لە دانانی پاسۆرد دەبێ هەستت بە هەستیاری دانانی پاسۆردەکە کردبێت، بۆیە ڕاگرتن و ون نەکردن و لەبیرنەچوونەوەی پاسۆردەکە زۆر گرنگە، ئەگەر بەڕێزتان لە یەکێك لە بانکەکاندا پارەیەکت دانابێ و پاشان کۆدی بانکییەکەت لەبیرچۆبێتەوە، هەرگیز ناتوانی پارەکەی خۆت وەربگرییەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە گشت سیستەمێك دیجیتالییە.

بەڵام سەبارەت بە پرسیارەکەی جەنابت، پەسۆردی سەر فلاش میمۆری یا کارت میمۆرییەکەت بە پرۆگرامی Memory Card Unlockers لادەچێت، بەڵام هەوڵبدە نوێترین ڤێرژنی پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەر دابنێی، دوای دانانی پرۆگرامەکە هیچ گرفتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، هەر ئەوەندە بەسە کە پرۆگرامەکە بکەیەوە و کارت میمۆری یا فلاش میمۆرییەکەت بەهۆی کارت ریدەر لە کۆمپیوتەرەکەت پەیوەند بکەی. دوای ئەمە بە ئاسانی کۆدی نهێنی سەر کارت میمۆرییەکەت لادەچێت. بەڵام داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین ئەم پرۆگرامە و پرۆگرامەهاوشێوەکانی ئەوە بەمەبەستی کەڵکی خراپ بەکار مەهێنن.

## پرۆگرامێک بۆ وێنە چێکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی

ئەمڕۆکە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ لە گشت بوارەکانەوە، کەم کەس هەیە نەزانێت کامێرای دیجیتالی چییە و کەم کەس هەیە نەزانێت وێنە دیجیتالییەکان چۆن خەزن دەکرێن. هەرچەندە ئێستاش لەلای ئێمە وێنەکان لەسەر کاغەز چاپ دەکرێن و لە ئەلبۆم دەخرێن، بەڵام تەمەنی ئەلبۆمی کلاسیکی بەرەو نەمان دەچێت.

گەر بمانەوێ ئەلبۆمێکی دیجیتالی بەرهەم بێنین کە لەسەر DVDی ماڵەوە و کۆمپیوتەر بکرێتەوە، پێویستە پرۆگرامێك هەبێت کە ئەم ئەرکە ئەنجام بدات بە جۆرێك کە وێنەکان بەشێوەی و ستایلێکی جوان نیشان بدات و لەگەڵ نیشاندانەکەش مۆسیقایەکی دڵرفێن بە گوێتدا بچرپێنێت.

پرۆگرامی PhotoStory on DVD MX Deluxe دەتوانێت جوانترین ئەلبۆمی دیجیتالی چێ بکات، ڕەنگە پرۆگرامی هاوشێوەی خۆی کەم بێت، چونکە پرۆگرامەکە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم سلایدەکانی سەرنجڕاکێشن، سەدان ئیفێکتی تایبەتی تێدایە بۆ جوان نیشاندانی وێنەکان.

